# راوێژکاری ئەڵمانیا پشتیوانی کارە هونەرییەکەی ئالین دەکات

بەر لە ساڵێك زیاتر و پێش ئەوەی تیرۆریستانی داعش هێرش بکەنە سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان وەك شنگال، کەرکووك، مەخموور، جەلەولا، لەو کاتەدا خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە، نامەیەکی ئاراستەی ئەنجێلا مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانیا کرد و تێیدا داوای کرد ئەڵمانیا پشتیوانی لە کورد بکات و داعشی بە دوژمنی مرۆڤایەتی دانا، لە هەمان کاتدا هۆشداریی دا بۆ مەترسیی داعش کە بگاتە ئەورووپا و هەڕەشە لە ئاسایشی ئەورووپا بە گشتی بکات.

دوای ماوەیەکی کەم داعش دەستی بە هێرشە دڕندەکانی خۆی کرد و دەستی بەسەر چەند شوێنێکدا گرت و کوشتارگەیەکی بێ وێنەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کرد، دژی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بەتایبەتی دژ بە کوردانی ئێزیدی، لەم سەروبەندەدا کورد بە تەنیا مایەوە دژی داعش و پێشمەرگە تاکە هێز بوو کە رووبەڕووی بۆوە و توانیی هێرشەکانیان رابگرێت و زیانی گەورەشیان پێ بگەیەنێت، لەهەمان کاتدا تیرۆریستانی داعش چەند هێرشی تیرۆریستییان لە ناو جەرگەی ئەورووپادا ئەنجامدا و بوون بە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر سەقامگیری ئەورووپا، ئەو کات سەرکردەکانی رۆژئاوا بە تەواوی درکیان بە مەترسییەکانی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە کرد و بڕیارياندا يارمەتی پێشمەرگە بدەن لەو جەنگە لە هەمان کاتدا سەرکردەکانی جیهان روویان لە کوردستان کرد و هاوکاریی سەربازی و مرۆییان بۆ کوردستان نارد و دانیان بەوەدا نا کە پێشمەرگە تاکە هێزە توانیبێتی رووبەڕووی داعش ببێتەوە و بە نوێنەرایەتیی جیهانی دیموکراسی و ئازاد دەجەنگێت.

خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین کە پێشتر لە نامەیەکدا راوێژکاری ئەڵمانیای لەم مەترسیانە ئاگادار کردبۆوە، لەو کاتەدا چەند سروودێکی تایبەت بە پێشمەرگە بڵاوکردەوە وەك وەفایەك بۆ گیانفیدایی پێشمەرگە، دوای بڵاوکردنەوەی دوو کلیپ وەك ئالین خۆی ئاماژەی پێکرد بە پێویستی زانی وەك ئەرکێکی ئەخلاقی و سوپاس کردنی ئەڵمانیا لە هەڵوێستەکانی، گۆرانییەك بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و کوردی پێشکەش بکات، لەم بارەیەوە ئالین زیاتر دەڵێ: دوای هێرشی نارەوای داعش بۆ سەر کوردستان و بەتایبەتی شنگال و کۆبانێ، وەك هونەرمەندێکی کورد بە پێویستم زانی پشتگیری و خۆشەویستیی خۆم بۆ پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان بە چەند گۆرانییەك دەرببڕم و لە ماوەی رابردوودا دوو گۆرانیم پێشکەش کرد کە هیوادارم بە دڵی جەماوەر بووبن و توانیبێتم بەشێك لە ئەرکی خۆم بەرامبەر بە پێشمەرگە و پارێزەرانی وڵات دەرببڕم، چونکە شایەنی هەموو خزمەت و رێز لێگرتنن و هەر یەکێك لە شوێن و پێگەی خۆیەوە.

ئالین بەردەوام دەبێت و دەڵێ: زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا پشتگیریی تەواویان لە پێشمەرگە کرد بە بەرگریکاری مرۆڤایەتی وەسفیان کرد و یارمەتی و هاوکاریی زۆری پێشمەرگەیان کرد، وڵاتی ئەڵمانیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پێشەنگ بوو لە یارمەتیدانی پێشمەرگە بە مەشق پێکردنیان و ناردنی نوێترین و پێشکەوتووترین چەکەکانی بۆ پێشمەرگە، منیش بە پێویستم زانی بە هونەرەکەم سوپاسی ئەو هەڵوێستەی ئەڵمانیا بکەم ئەویش لە رێگای گۆرانییەك بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی وەك رێزگرتنێك لەم هەڵوێستە، بۆیە لێرەوە بە جەماوەرەکەم دەڵێم چاوەڕێی سوپرایزێکی جوان بن کە بەم زووانە پێشکەشی دەکەم و بڵاوی دەکەمەوە.

رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٩ ئالین پرۆژە هونەرییەکەی خۆی پێشکەش بە نووسینگەی ئەنجێلا مێرکل کردبوو، بەڵام لە رۆژی ٢٠١٥/٠٨/١٩ لە نامەیەکدا کە ئاراستەی (ئالین)ی کردبوو پشتگیریی خۆی بۆ پرۆژەکەی دەربڕی، لە نامەکەیدا د. ئەنجێلا مێرکل دەڵێ:(پرۆژەکەتان کە تێیدا مەترسییەکانی داعشتان لەسەر جیهان دیاری کردبوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو، لە هەمان کاتدا وای دەبینم کە خەباتی هونەری و هونەرمەندان لەسەر ئەم مەسەلەیە مایەی شانازییە و گرنگییەکی تایبەتی و شەخسی لەلای من هەیە، چونکە هونەرمەندان لە پەیامەکەیاندا داوا لە گەنجە موسڵمانەکان دەکات کە لە تیرۆر و تیرۆریستان دوور بکەونەوە و لە تیرۆر رزگاریان دەکات، چونکە ئێستا خەریکە تیرۆر دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەکەم، لە هەمان کاتدا وەك ئاماژەتان پێکردووە هەرەشەیە لەسەر جیهان بە گشتی و بەشێوەیەکی دڕندانە چەندین کەس لە گەنج و پیر و ئافرەت و منداڵ دەبنە قوربانی.

من پشتیوانی تەواوی پرۆژە هونەرییەکەتان و پرۆژەکانی



داهاتووشتان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم).
هەروەها پرۆفیسۆر مۆنیکا کرۆتیرۆس وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی فەرمی پشتیوانیی خۆی بۆ پرۆژە هونەرییەکەی ئالین دەربری، و ف. زیل وتەبێژی فەرمیی حکومەتی ئەڵمانیا لە رۆژی ٢٠١٥/٠٨/١٣ ستایشی خۆی بۆ پرۆژە کوردییە ئەڵمانییە هاوبەشەکەی ئالین دەربڕی.
لەلایەن خۆیەوە خانمە هونەرمەند ئالین سوپاسی ئەم هەڵوێستەی مێرکلی کرد و بە مایەی شانازیی بۆ خۆی و گەلی کوردی وەسف کرد و وتی: جارێکی تر دەمەوێ بە ناوی خۆم و گەلی کوردستانە سوپاس و ستایشی خۆم بە حکومەت و راوێژکاری ئەڵمانیا رابگەیەنم، چونکە بە هەموو شێوەیەك هاوکاریی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکانی کردووە، هەروەها هاوکاریی پەنابەرەکانی رۆژئاوای کوردستان و سووریایان کردووە و ئەم هەڵوێستەیان بە هیچ شێوەیەك لە بیر ناکرێ و بە پیتی زێڕ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەنووسرێت، لە کانگای دڵمەوە بە ناوی هەموو کوردێك پێی دەڵێم: سوپاس جەنابی راوێژکار.







## لە رقی سوپەرمان ئیما تومسون خۆی دەکوژێت

کێشـــەی نێوان پیاو و ئافرەتان و ئیرەیی پێ بردنیان گشـــت بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و بە ئاشـــکرا هەستی پێدەکرێت، تەنانەت گەیشتووەتە بـــواری هونـــەری و بەتایبەتی لە نواندن هەســـتی پێدەکرێت و ئافرەتە ئەکتەرەکان داوا دەکەن رۆڵی ســـەرەکییان هەبێـــت و پاڵەوانی یەکەمی فیلمەکان بن.

بەم دواییە لە لێدوانێکی سەیر و سەرنجڕاکێشدا خانمە ئەکتەری جیهانی ئیما تومسون بە ئاشـــکرا رایگەیاند کە بێزارە لە پشت بەستن بە پیاوان لە رۆڵی ســـەرەکیدا، لەم بارەیەوە ئیما وتـــی: «نازانم بۆچی لە رۆڵە ســـەرەکییەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە رۆڵـــی رزگارکەری مرۆڤایەتی دەبینـــن و جیهان دەبینن پشـــت بە پیاوان دەبەســـتن و رۆڵی لاوەکی بە ئافرەتان دەدەن وەك ئەوەی بڵێی ئافرەت نەتوانێت رزگارکەری مرۆڤایەتی بێت، بۆ نموونە رۆڵی ســـپایدەرمان و سوپەرمان و ئیرۆن مان و چەندان فیلمی دیکەی هاوشـــێوە هەمووی بە پیاوان دراوە، بە راستی من بێزار بووم لە ســـەیرکردنی ئەم جۆرە فیلمانە و نامەوێ بیانبینم». بەشێکی زۆری خانمـــە ئەکتەرەکانی دیکەش پشـــتیوانی خۆیان بۆ ئیما دەربڕی لەم بوارەدا.

ئیمـــا بـــە پێکەنینەوە بـــە رۆژنامەنووســـانی راگەیاند: ئەگەر بەشێکی دیکەی زنجیرە فیلمەکانی ســـپایدەرمان، یان باتمان بەرهـــەم بهێندرێت، من ناچارم ئەو کات خۆم بخنکێنم.



## سەما لە پێناو سیاسەت واز لە هونەر دەهێنێت

هەرچەندە تەمەنی هونەری سەما ئەلمیسری زۆر درێژ نییە و خۆی لە ١٠ کاردا دەبینێتەوە کە هەمووشیان مشتومڕیان لەسەر بوو، بەڵام بڕیاری دا کۆتایی بە کاری هونەری خۆی بهێنێت کە بە کاروانێکی سەرکەوتوو دانانرێت و وازهێنانی خۆی لە هونەر رایگەیاند و تەواوی گرنگیی خۆی لە ماوەی داهاتوودا بە بواری سیاسەت دەدات.

لـــەم بارەیەوە ســـەما رایگەیاند: من لە دەرەوەی میســـرم و هەر کە گەڕامەوە بە شـــێوەیەکی وردتر باس لەم هەنـــگاوە و هۆکارەکانی دەکەم، لە ئێســـتادا سیاسەت بۆ من لە هونەر گرنگترە، چونکە من دەمێکە تێکەڵی سیاســـەت بـــووم، بەتایبەتی لەو کاتەی کە ئیخوان موسلمین لەسەر حوکم بوون، چونکە هەر ئەو کات چەندین گۆرانیم پێشـــکەش کـــرد، دژی ئیخوان ئەمەش جۆرێك بـــوو لە جۆرەکانی سیاسەت.

سەما هەروەها وتی: نازانم کە خۆم دەپاڵێوم بۆ پەرلەمانی میسری، یـــان نا، چونکـــە دابەشـــکردنی بازنەکانی هەڵبـــژاردن لە رووی جوگرافییەوە نەگۆڕاوە، بۆیە کە گەڕامەوە میسر ئەم بابەتە یەکلایی دەکەمەوە، وتیشـــی: رازی نیم بە هیچ شێوەیەك پێم بڵێن سەماکار، چونکە من ســـەماکار نیم و ئامادەم هونەر بکەم بە قوربانی سیاسەت.





# ئەلیکساندرا: سان ئەندریس وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی هونەریمدا

یەکێك لەو فیلمانەی کە ئەم ساڵ داهاتێکی زۆری کۆکردەوە و لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا، فیلمی (San Andreas)ـە کە تەنیا لە هەفتەی یەکەمی نمایشکردنی نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە، لە کاتێکی بودجەی گشتیی فیلمەکە ١١٠ ملیۆن دۆلار بوو.

ئەلیکساندار داداریۆ کە بە جوانییە سەرنجراکێشەکەی ناسراوە و تا ئێستا لە چەندین فیلمی دیکەدا رۆڵی پاڵەوانی بە سەرکەوتوویی بینیوە، پاڵەوانی فیلمەکە بوو، ئەلیکساندرا لە بارەی فیلمەکەوە دەڵێ: تا ئێستا بەشداریم لە زۆر فیلمدا کردووە و لە هەمووشیان دەرهێنەری و بەرهەمهێنەرەکان لێم رازی بوون، زۆر کەس پێیانوایە کە هۆکاری سەرکەوتنم زیاتر بۆ جوانییەکەم دەگەڕێتەوە، هەرچەندە من دان بەوە دەنێم کە جوانی رووخسارم زۆر جار یارمەتیداوم بۆ وەرگرتنی رۆڵەکان، بەڵام ئەگەر من خۆم حەز و خۆشەویستیم بۆ کارەکەم نەبێت و لە هەمان کاتدا خاوەن بەهرەی هونەری نەبم، ئەگەر رۆڵەکە زۆریش گرنگ بێت، زەحمەتە بتوانم بەو شێوەیە بەرجەستەی بکەم کە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر دەیانەوێ.

لە بارەی فیلمی (San Andreas)یشەوە وتی: ئەمە یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کە تا ئێستا بەشداریم تێیدا کردووە و بەلای منەوە باشترین رۆڵم تا ئێستا لەو فیلمەدا بووە و بە خاڵێکی وەرچەرخانی دەزانم لە ژیانی هونەری خۆمدا، چونکە فیلمەکە خۆی سەرنجراکێش بوو بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو سەرکەوتنە بوو کە لەرووی جەماوەرییەوە بەدەستی هێناوە و هیوادارم لە داهاتوودا دەرفەتی ئەوەم هەبێت لە کارێکی دیکەی هاوشێوەدا بەشداری بکەم.

شایەنی وتنە کە فیلمی ناوبراو لە دەرهێنانی براد بیتۆن و لە پاڵەوانیەتی کۆلتون هاینزر، کارلا جوجینە، ئەلیکساندار داداریو، دواین جۆنس، کیلی ماینۆگ.

ئەهوورا مورادی:

# مۆسیقای رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی لەسەر مۆسیقای ئێرانی هەیە



**هەرچەندە ئەهوورا مورادی دەرچووی بەشی تەلارسازییە، بەڵام یەکێکە لە موزیکژەنە ناسراوەکانی ناوچەی کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەر لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە چووەتە نێو بواری گۆرانی و موزیکی کوردی و بە ئامێرە کۆنەکانی وەك دووتار و سێتار ناوبانگی دەرکردووە. بۆ تیشك خستنە سەر تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای سوننەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کاریگەریی مۆسیقای ئێرانی بەسەر هونەری کوردییەوە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ هونەرمەند ئەهوورا مورادی ساز کرد.**

*** لە رۆژهەڵاتی کوردســـتان مۆســـیقای سوننەتی زۆر باوە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- مۆسیقای ســـوننەتی ئێستا بە ناوی مۆسیقای کلاسیکی ئێرانی بەناوبانگە کە مۆســـیقای ناوەڕاســـتی ئێـــران بووە و دواتر کاریگەریی لە ســـەر ناوچەکانـــی دیکەی ئێران هەبووە. هەندێك لە لاوچەکانی مۆسیقای سوننەتیش گەواهیدەری ئەم راســـتییەن وەکو (دەیلەمان- کێڵگەیی و ئاوازی دەشـــتی، یان بەیاتی کوردی و بەیاتـــی زەند) یان لاوچەکانی تەرز و قەتار لە دەزگای هومایۆن و راســـت و پێنج گا کە لە مۆســـیقای تەمووریش ناوی دوو مەقامی رەســـەنی کوردییە. رۆژهەلاتی کوردســـتان لە بواری فەرهەنگی مۆســـیقاییەوە دەوڵەمەندە و بۆ هەر ماوەیەك مۆســـیقایەکی تایبەتـــی هەبووە کە لەگەڵ ژیانی خەڵـــك تێکەڵییەکـــی زۆری هەبوو، بـــەڵام بەداخەوە ئێســـتا شێوەی ژیان گۆڕاوە و رەسەنایەتیی فەرهەنگی لەوێش نەماوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەلتووری نەتەوە ژێردەســـتەکان کاریگەری داگیرکەرەکانیان بەسەرەوە دیارە نەك کەلەپوری رەسەنی خۆیان، هەر کەسێك بیەوێت فێری مۆسیقای رەســـەنی کوردی بێت ناچارە لە رێگای مۆسیقای سوننەتی و ئامێرەکانی ســـوننەتی وەکو تار و ســـێتار و سەنتور دەست بە کار بکات، هەر ئەمەشـــە کە وایکردووە مۆسیقای سوننەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر باوبێت، هەڵبەتە نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە زۆرترین ئەو گۆرانییە خۆشانەی دەیانبیستین لە چوارچێوەی ئامێرەکانی مۆســـیقای سوننەتی ئێرانی سەرچاوە دەگرن ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مۆســـیقای کوردی خاوەن بەشە لە مۆسیقای سوننەتی.

*** ئایا کوردانی رۆژهەڵاتی کاریگەرییان لە ســـەر مۆسیقای ئێرانی هەیە، یان مۆسیقای ئێرانی کاریگەری لە سەر کوردانی رۆژهەڵاتی کودستانەوە هەیە؟**

- من پێموایە کە هەردووکیان بەشێوەیەکی جیاواز کاریگەرییان بەســـەر یەکەوە هەبێت. وەك باســـمان کرد مۆسیقای سوننەتی خۆی تێکەڵێکە لە مۆســـیقای ناوچەکانی ئێران، لەبەر ئەوەی مۆســـیقای کوردیش لە بواری ریتم و میلۆدی زۆر دەوڵەمەندە وەك لـــە ناوچەکانی کرماشـــان، لۆرســـتان، ئیـــلام، گۆران، هەورامان، ســـنە، و مۆکریان بۆیە توانیویەتی شوێنی خۆی لە نێو مۆسیقای نوێی ئێرانی بکاتەوە، زۆربەی موزیسیانە گەورە

و ناودارەکانی ئێستای ئێران کوردن وەکو کامکاران، نازرییەکان، عەندەلیبەکان، شارەزایی ئەمانە لە مۆسیقای نەتەوەیی خۆیان وایکردووە کە کاریگەرییان لەسەر مۆسیقای ئێرانیش هەبێت وەکو مامۆستا حوسێنی ئەلیزادە، پەروێزی مشکاتیان، موحەممەد ڕەزا لوتفی تا دەگاتە مامۆستا شەجەریان، ئەمانە هەموویان ئەگەر بەشـــێوەیەکی بچووکیش بێت کاریان وەك وتنەوەی کارەکانی مامۆســـتا ســـەید عەلی ئەصغەری کوردســـتانی و عەلی مەردان کردووە. هەڵبەت کاریگەریی مۆسیقای ئێرانی بەسەر مۆسیقای ڕۆژهەڵاتەوە زیاترە هەم لە بابەتی شێوەی ڕێکخستن و نووسینەوەی نۆت و زانستی زانکۆیی و هەم سەبارەت بە شێوەی پیشاندانی ئەم مۆسیقایە و جێگای ئامێـــرە ئێرانییەکان لەنێـــو گرووپـــەکان بـــۆ نمایشـــکردن لەســـەر شـــانۆ، هەروەها نموونەیەکی دیکەی مۆســـیقای کوردی کە لەم چەند ســـاڵەی ڕابردوودا لـــە مۆســـیقای ئێرانـــی زۆر بەکاردەهێنرێ بریتییە لە (تەموورە) کە زیاتر بە ئامێرێکی مۆسیقی کوردی لە ئێران ناســـراوە، بەڵام غەیرە کوردەکانیش ئێستا زۆر حەز لە بەکارهێنانی دەکەن.

*** دەف و ســـێتار و چەنـــد ئامێرێکـــی دیکەی موســـیقی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان ڕەواجی زۆری هەیە، نهێنیی ئەو خۆشەویستییە بۆ ئەم ئامێرانە چییە؟**

-دەتوانم بڵێم چەند نهێنییەك هەیە لەوانە یەکەم: بڵاوبوونەوەی زۆرتری ئەم ئامێرانە و دەســـتکەوتنیان، دووەم: دروووستکردنی ئەم ئامێرانە بەشێوەیەکی دروووست لە ئێران، چونکە لە ساڵانی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر مامۆستای بەناوبانگی دروووستکردنی ئامێرە مۆســـیقییەکان لە ئێران کاریان لەســـەر کـــردووە بۆیە بەشـــێوەیەکی زانستی تەواو دروووست دەکرێن، سێیەم: فێربوونی ئـــەم ئامێرانە لە ئێران ئاســـانە بەهۆی بوونـــی کتێبی زۆر و مامۆســـتای شـــارەزای ئەم ئامێرانە زۆرن، چـــوارەم: لەبەر ئاهەنگی زۆر دەنگی خۆشی ئەم ئامێرانە زیاتر لە گوێچکەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر جێگیر بووە.

*** ئێســـتا خەڵك زیاتر ڕووی لە گۆرانیی خێرایە، چۆن بتوانین گۆرانیی ڕەســـەنی کوردی زیندوو بکەینـــەوە لە زهنی تاکی کورد؟**

-بە هـــۆی دوورکەوتنی تاك لە ژیانی ڕەســـەنایەتی خۆیان و هەنگاو هاویشتن بۆ پێداویســـتییەکانی ژیانی مۆدێرن، تەنیا ئەوەمـــان بۆ ماوەتەوە کە چاومان لە دەســـتی ئەویتر بێت و لە یادمان چووە کە چیمان هەبووە و چیمان هەبووە، هەموو شتەکان بەرەو خێرایی دەڕۆن گۆرانیش بە هەمان شێوەیە، چونکە زیاتر کەناڵە و میدیاکان ئێســـتا بە شارەزایی یان ناشارەزایی بوونەتە هۆکاری لە بیرچوونەوەی مۆسیقا و کەلتووری ڕەسەنی کوردی، بۆ زیندوو کردنەوەی گۆرانیی ڕەسەنی کوردی لە زهنی تاکی کورد پێویســـتە پێشـــەکی کەلتووری گوێ گرتن لە گۆرانی ڕەسەنی کوردی زیندوو بکەینەوە، بۆ نموونە لە وڵاتانی ئەوروپا مۆســـیقای کلاسیك و ڕەســـەن بۆ خۆی فەرهەنگی تایبەتی هەیە و هەر کەسێك بیەوێ گوێ لەم مۆسیقایە بگرێت شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و دەزانن لە کوێ دەتوانن گوێیان لەم جۆرە مۆسیقایە بێت.

*** ئایـــا پێتوایـــە هیچ پێوەندییەك لە نێـــوان زمان و موزیکی کوردی و فارسیدا هەیە؟**

- بەڵێ، دیارە مۆسیقا شێوەی زمان و فەرهەنگ دەگرێت، زمان بنچینەی مۆســـیقایە، ئەگەر زمانـــی نەتەوەیەك جیاواز بێت، مۆسیقای ئەو نەتەوەیەش جیاوازە، بەڵام لە ڕێگای زماناسی دەبینین کە زمانی کوردی و فارسی هەردووکیان لە یەك شوێن و بنەڕەتن کە لە ڕووی زانســـتییەوە پێـــی دەڵێن: (Iranian Languages Group) کە لـــە (Ethnomusicology) مۆسیقاناســـی نەتەوەیـــی دیار دەکەوێ ئـــەم دوو نەتەوە یەك سەرچاوەی یەکێتییان هەیە.

*** بۆچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئافرەتان زیاتر وەك موزیکژەن دەردەکەون نەك وەك گۆرانیبێژ ؟**

- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئافرەتان لە چالاکییە هونەرییەکان بەشـــدارن و توانیویانە شـــوێنی خۆیانی تێدا بکەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی فەرهەنگی مۆســـیقای سوننەتی کە لە گرووپە مۆســـیقییەکانی تاران و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەشـــێوەیەکی بەرچاو بەشـــداریی تێدا دەکەن، هەڵبەتە بەشـــداری کردنـــی ئافرەتـــان تەنیا لـــە گرووپە مۆســـیقییەکاندا نییـــە، بەڵکو لـــە هەموو چالاکییـــە هونەرییەکان ئافرەتان ڕۆڵی خۆیان بینیوە.



**کەناڵە و میدیاکان ئێستا بە شارەزایی یان ناشارەزایی بوونەتە هۆکاری لە بیرچوونەوەی مۆسیقا و کەلتووری ڕەسەنی کوردی، بۆ زیندوو کردنەوەی گۆرانیی ڕەسەنی کوردی لە زهنی تاکی کورد پێویستە پێشەکی کەلتووری گوێ گرتن لە گۆرانی ڕەسەنی کوردی زیندوو بکەینەوە**